

سەروتار



خەسرەو جاف

# گرنگی و قورسایی ئەدەبی هەورامی




وەرە برا... لە ڕێگەی خوادا با فاتیحایەک بنێرین بۆ ڕۆح و ڕەوانێ نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا و حاجی و تایەر بەگ و هێمنی خانۆ بەکۆڵ و کەڵە شاعیرانی تر

ئەوی بەهێزترین پێوەست و پێوەند و بتەویی نێوان میللەتێکە زمانە... زمان پێش وڵاتە. لە پێش خاکە، پێش دەسەڵاتە. زمانە دەبێتە هەوێنی بەدەستهێنانی دەڤەر و تەبار و دیارێک و سەرئەنجام گیرسانەوە لە جێگەیەکدا بەناوی وەتەن.

ئەگەر لە مێژووی میللەتانی دوور و نزیک وردبینەوە و شیی کەینەوە

وەتەنیان لە دوای زمان هەڵبژاردووە و تێیدا نیشتەجێ بوون.

زمانی ئێمەی کورد وشە و واژەی بنەمای زمانی ئێمە. یەکێکە لە هەرە زمانە کۆنەکانی ئەم سەرزەوییە ئەگەر بەهێزی و بتەویی زمانەکەمان نەبوایە، ئەو هەموو کوشتن و بڕین و شالاوی دوژمن و کۆچ و باری زۆرەملیەی بەسەرماندا هاتووە میللەتێک نەدەبینرا بەناوی کورد.

لێزانانی بواری زمان و زمانەوانی دان بەوەدا دەنێن کە شێوە و لەهجەی هەورامی نزیکترین شێوەیە لە ئاڤێستاوە تێکەڵێکی زۆری زمانی پەهلەوی کۆنە و موفرەداتێکی یەکجار تێکەڵاویان پێکەوە هەیە. هۆی ئەو تێکەڵاوییە باسێکی دوور و درێژی ترە.

هەر دوێنێ بوو زمانی ئەدەبیاتی کورد، کەڵە شاعیرانی کورد، تەکیە و دیوەخان و مزگەوت و خانەقاکانی کورد بەشێوەی هەورامی دەیان نووسی و دەیان هۆندەوە، سەد ڕەحمەت لە بێسارانی. هەزار سەڵاو ڕۆح و ڕەوانی شەیدا و ئۆخەی نەکردووەکەی گەرمیان وەلی دیوانە با پایە بەرز بێت پلە و پایەی پیری تاووگۆز مەولانا مەولەوی.

ناکرێت پەیامبەری وشە و زەرافەتی شیعر و هەڵبەستمان لە بیر بچێت. نالی ڕچەشکێن، نالی کودتاکەر. ئەوبوو توانیی شێوەی شیعر لە هەورامییەوە بگۆڕێتە سەر سۆرانی و بەسەر ڕۆخانەی کەف کردووی ئەو دەمەدا بپەڕێتەوە و شێوەی نووسینی ئەمڕۆی من و تۆ بکاتە باو، باوێکی گۆی گرێ بهێنێتە ناو.

من باسی ئەوڕۆی شیعر ناکەم. ئەگەر شیعرمابێت..!؟

سەیر لەوەدایە زۆر کەس بەوەوە ڕانەوەستاوە لای وایە قۆناغی زمانی "نالی" بەسەرچووە و زمانی کوردی نیازی بەگۆڕانکاری پەیدا کردووە.

بەندە لەگەڵ دنیای مودێرن و ورد و هەراشی تەواوی گۆڕانکارییەکانم، چاوم لە تەواوی تازە بابەتەکانە کە لە فەرهەنگە پێگەیشتووەکاندا دەخرێنە ڕوو ڕەنگدانەوەی لە کارە میعمارییەکاندا شایەتی دەدەن.

پێم ناڵێی لە زمانی کوردیدا کام گۆڕانکاری...؟

وەک ئەوەی شیعری ئێستا...؟ وەک برێکی زۆری ڕۆژنامەکان کە دەڵێی بەزمانی سانسکریتی نووسراون...؟

وەرە برا... لە ڕێگەی خوادا با فاتیحایەک بنێرین بۆ ڕۆح و ڕەوانێ نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا و حاجی و تایەر بەگ و هێمنی خانۆ بەکۆڵ و کەڵە شاعیرانی تر.